لە کڵێسای مار ئیلیاس لە دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک ڕوویدا

کەمێک پێش ئێستا لە کڵێسای مار ئیلیاس لە دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا ژمارەیە کوژراو و بریندارێکی لێکەوتەوە.

میدیاکانی سوریا ئەوە یەکشەممە ڕاویانکردووە، دەنگی تەقینەوەیەک لە ناوچەی دوویلە لە باشووری دیمەشقی پایتەختی سوریا بیستراوە و تەقینەوەکە لەناو کڵێسایەک بووە.

بەگوێرەی دەزگاکانی ڕاگەیاند، "زانیاریی سەرەتاییەکان ئاماژە بوون دەکەن کە تەقینەوەکە لەناو کڵێسای مار ئیلیاس ڕوویداوە و لە ئەنجامدا کەسێکی گیانی لەدەستداوە و ژمارەیەک کەسی دیکەش بریندارببون، وەک ژمارەی سەرەتایی".